# کۆمپیوتەری تایبەت بە وانەبێژی

هەموو کۆمپیوتەرێك زۆربەی ئەو ئەرکانە ئەنجام دەدەن کە لە رۆژانەدا پێویستیمان پێیەتی، چ ئەندازیاری بێت یان کاری فیلم و مونتاژ، یا ژمێریاری و دیزاین... بەڵام ئەو کۆمپیوتەرانەی تایبەت بە ئەرکێکی دیاریکراو بەرهەمهاتوون تایبەتن.. بۆ نموونە کۆمپیوتەری جۆری ThinkSmart Hub 500 کە لەلایەن کۆمپانیای لینۆڤووە تایبەت بە کۆنفرانس و وانەبێژی و خولەکانی راهێنان و شیکاری بەرهەمی هێناوە..

کۆمپیوتەری ناوبراو وەك بەرێوەبەری کۆمپانیا دەڵێت «گۆڕانکاری نوێ پێك دێنێ لە جیهانی کۆنفرانس و سیمنارەکان»دا. کۆمپیوتەرەکە بەهاوکاری کۆمپانیای مایکرۆسۆفت بەرهەم هاتووە و ویندۆز١٠یی لەسەرە..

شاشەکەی 11.6 ئینجە، دەکرێت بە هەر چواردەوری خۆیدا بسورێتەوە، لە هەموو لاوە (مایك)ی بۆ داندراوە بۆ ئەوەی کە بەشداربووانی سیمینارێك دەنگی خۆیان بە ئاسانی بگەیەنن، شاشەکەی لەمسیە. بەکارهێنەری کۆمپیوتەرەکە کۆنترۆڵی تەواوی شوێنەکە دەکات و بۆ وانەوتنەوە و کاری شیکاری ئاسانکاری زۆری تێدایە..



## کامێرایەک بە مۆبایلەوە پەیوەند دەدرێ

ئەوانەی لە جیهانی کامێرادا شارەزان، کامێرای جۆری DxO دێتەوە بیر، کامێرایەك کە بە مۆبایلی ئایفۆنەوە پەیوەند دەدرێ، دەکرێ هەم سەربەخۆ بێت و هەم لەگەڵ مۆبایل پێکەوە ئەرکەکان ئەنجام بدەن.

ئەمساڵ جارێکی دیکە ئەم مۆبایلە بۆ سیستەمی ئەندرۆید بەرهەم هاتووە، هەر مۆبایلێك یان تەبلێتێك شوێنی کێبڵی USB هەبێت دەکرێت کامێرای ناوبراوی بۆ دابندرێ..

کامێراکە هەستەوەری ٢٠ میگاپیکسلی لەسەرە، کۆمپانیای ناوبراو پێیوایە کامێرا نوێیەکە دەکرێت وەك کامێرایەکی سەرکەوتوو سەیر بکرێ، چونکە زومی هەیە و وێنە بە فۆرماتی RAW تۆمار دەکات.

خودی کامێراکە بەبێ مۆبایلیش شاشەیەکی لەمسی هەیە بۆ کۆنترۆڵ کردنی.. کێشی کامێراکە ١٠٩ گرامە.. و قەبارەکەی بچووکە.. بۆ فیلم هەڵگرتنەوەش گونجاوە و لەسەرووی ئیچ دییە..

# مۆبایلێک بە دوو شاشەی جیاواز



لەبواری دیزاین و ستایلەوە مۆبایلەکان زۆربەیان وەك یەك دەچن تەنیا کۆمپانیاکەیان جیاوازە، بەڵام کۆمپانیایەکی چینی هەوڵیداوە لە ستایل و دیزاینیشدا مۆبایلێکی نوێ دابهێنێ کە بە مۆبایلی ZTE Axon M ناسراوە. ئەم مۆبایلە لە دوو شاشەی لێکجیاواز پێکهاتووە و قەبارەی شاشەکان ٥,٢ ئینجە و خودی مۆبایلەکە تاشۆیە.. کە سەیری دیزاینی دەکەی وەك نوتبووکی یادداشت هەڵگرتنەوە دەچێت.. تایبەتمەندییەکانی مۆبایلەکەش لەگەڵ مۆبایلەکانی دیکە جیاوازە، ئەگەر هەردوو شاشەکە بکەیەوە ئەوکات دەبێتە یەك شاشە و دەکرێت وەك تەبلێتێك سوودی لێوەربگری. هەرکام لە شاشەکانیش بە جیا کاری تایبەت ئەنجام دەدەن، بۆ نموونە دەکرێت لە شاشەیەکدا سەیری فیلم بکەی و لەشاشەکەی دیکەدا فەیسبوك بکەیەوە. دوو سپیکەر (بلٚندگۆ)ی هەیە کە لە هەرکام لە بلٚندگۆکان دەنگی تایبەت دێتە دەرەوە و دەکرێ پێکەوەش یەك دەنگیان لێوە بێت.. سیستەمی ئەندرۆیدی ٧ی لەسەرە.

# ئامێرێکی هەمەکارە

حەزدەکەی بزانی منداڵەکەت ئێستاکە لە کوێیە، یان ئەو گیاندارانەی لە ماڵەوە راتگرتوون، وەك سەگ و پشیلە.. یان کە سەیارەکەت بەکەسێکی دیکە دەتهەوێ بزانی ئێستا گەیشتۆتە کوێ؟ کۆمپانیای سامسۆنگ بەمەبەستی دۆزینەوەی کەسەکان و کەرەستەکان ئامێرێکی بچووکی بەناوی (Samsung Connect Tag بەرهەم هێناوە. ئامێرێکی میدالیایی کە هەم ئینتەرنێت و وای فای و ggps لەسەرە. ئامێرێکە سیمکارتی دەخرێتە سەر و بەهۆیەوە دەکرێت زانیاری ورد سەبارەت بە شوێنی ئامێرەکە لە دەرەوەی ماڵەوە یان لەناو ماڵەوە وەربگری. دەکرێ بە جانتای منداڵەوە بخرێ یان بە زنجیری گیاندارانی ماڵەوە.

جگە لە ئەرکی دۆزینەوە دەکرێت لەگەڵ ئەو ئامێرانەی ماڵەوە کە لەگەڵ ئینتەرنێت پەیوەندیان هەیە کار بکات و فەرمانەکانی تایبەت بەوان جێبەجێ بکات، بۆ نموونە لە دوورەوە بتوانی گلۆپەکانی ماڵەوە بکوژێنەوە، یان تەلەڤزیۆنەکەت هەڵبکەی.. بە هەفتەیەك جارێك شەحن دەبێتەوە.



# ماوسە نوێیەکەی مایکرۆسۆفت و تایبەتمەندییەکانی

کۆمپانیای مایکرۆسۆفت لەم دواییەدا ماوسێکی نوێی بەرهەم هێناوە کە تایبەتمەندییەکانی سەرووی ماوسێکی ئاسایین. ماوسە نوێیەکە کە بە Surface Precision Mouse ناسراوە، تایبەتمەندی گرنگی لەوەدایە کە لەیەك کاتدا دەتوانرێ بە سێ کۆمپیوتەرەوە ببەسترێتەوە و هەر سێ کۆمپیوتەرەکە کۆنترۆڵ بکات، چەند دوگمەی هەیە بۆ ئەنجامدانی فەرمانەکان و کردنەوەی پرۆگرامەکان بەبێ چوونە سەریان. دەتوانرێت لە رێگای وایەرلەیس و هەم بە وایەر بە کۆمپیوتەر ببەسترێتەوە.

# هواوی تەبلێتێکی دژە ت



لەلای ئێمە کە باسی ئامێرێکی چینی دەکرێ هەمیشە هزرت بۆ ئامێرێکی زۆر خراپ دەچێت کە بە زووی تێکبچێت، بەڵام بەراست هەموو ئامێرەکان وا نین، بگرە ئامێری وا هەیە خۆی رکابەری لەگەڵ ئامێرە سەرکەوتووەکانی جیهان دەکات..

کۆمپانیای Huawei ئامێرەکانی لەریزی ئامێرە پێشکەوتووەکان دێن، مۆبایلەکانی کۆمپانیا ئەوانەی دەستەبژێرن زۆر سەرکەوتوون. کۆمپانیای ناوبراو لەم ماوەیەدا تەبلێتێکی دژە تەڕبوونی بەناوی Honor WaterPlay بەرهەم هێنا.

تەبلێتی ناوبراو لە ستاندەری جۆری IP67 سوود وەردەگرێ، هەروەك ئاماژە پێکرا بەتەڕبوون تێکناچێ،

## پرۆگرامێکی مۆبایل بۆ ناو ئۆتۆمبیل




کاتێك شۆفیری دەکەی، نابێ دەست بۆ مۆبایلەکەت بەری تەنانەت گەر پەیوەندیشت بۆ بێت، هەرچەندە بلوتوس ئەم کارەی ئاسانکردۆتەوە و زۆربەی ماشێنە نوێیەکانیش ئەم تایبەتمەندییان تێدایە. بەڵام خۆ کارکردن بە مۆبایل هەر پەیوەندی وەڵامدانەوە نییە، بگرە جار هەیە پەیوەندی دەگرێ، یان کورتەپەیامێکت بۆ هاتووە دەبی بیخوێنیەوە، یان حەزدەکەی گۆرانییەك لەناو مۆبایلەکەتدایە گوێ لێبگرێ و زۆر شتی تریش...

پرۆگرامی Car dashdroid-Car infotainment راست بۆ ئەم مەبەستە بەرهەم هاتووە، پرۆگرامێك بۆ دەشبۆردی ئۆتۆمبیل.. بەهۆی پرۆگرامەکە گشت فەرمانەکان وەك خوێندنەوەی و ناردنی کورتەپەیام بە دەنگ، پەیامەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لێدانی گۆرانی و پەیوەندی گرتن

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت نیازمە ناوی مۆدێمی ئینتەرنێتەکەم کە نووسراوە (فاست لینك) بگۆڕم بۆ ناوێکی دیکە چۆن ئەم کارە بکەم.**

خوێنەری بەڕێز گۆڕینی ناو و پاسۆردی مۆدێمەکەت زۆر ئاسانە. سەرەتا بچۆ سەر گوگل کرۆم ئەم ئەدرەسە لێبدە ١١٩٢,١٦٨,٠,١. زۆربەی مۆدێمەکان بەم جۆرەیەی.. پاشان ئەنتەر بکە و دووجار وشەی admin بنووسە.. کە لاپەڕەکە بوویەوە بچۆ سەر بەشی wireless و لەوێدا لە بەشی basic wirelees کلیك بکە و ناو یان پاسۆردەکەت بگۆڕە..

## ـــــەڕبوون بەرهەم دێنێ

دەکرێ بیبەی ناو قوڵایی ئاو..

شاشەی تەبلێتەکە ١٠ ئینجە، کوالیتی نیشاندانی سەرووی فول ئیچ دییە. یەکەی لێکدانەوەی هەشت بەشە. کارتی گرافیکی زۆر لەسەرێیە. میمۆرییەکەی ٣٢ هەتا ٦٤ گیگابایتە و رامەکەی ٤ گیگاباتە. هەرچەندە بەهۆی کارتی میمۆرییەوە قەبارەی هەڵگرتنی داتاکانی زیاد دەکرێ. سیستەمی ئەندرۆید ٧ی لەسەرە. کامێرای پشتەوەی ٨ میگاپیسکلە و هی پێشەوەی ٥ میگاپیکسلە. سیستەمی پەنجەمۆری تێدایە. کێشەکەی ٤٦٥ گرامە. باترییەکی زۆر بەهێزی هەیە و بە خێرایی شەحن دەبێتەوە.

## سپیکەرە هۆشمەندەکەی ئیکسپریا

کۆمپانیای سۆنی کە یەکێکە لەکۆمپانیا پێشکەوتووەکانی بواری تەکنەلۆژیا، لەم ماوەیەدا وەك زۆربەی کۆمپانیاکانی دیکە هەوڵیداوە سپیکەری هۆشمەند بەرهەم بێنێ، یەکەم سپیکەری هۆشمەندی بەناوی Xeperia helloیە.

سپیکەری جۆری ئیکسپریا هێلۆ جیاوازە لەگەڵ سپیکەرەکانی دیکە چونکە وەك رۆبۆتێك دەچێت تاکو سپیکەر. وەك گشت سپیکەرەکانی دیکە کارە ئاساییەکانی وەك نیشاندانی کەش و هەوا و وەڵامدانەوەی پەیوەندییەکان و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و.. تاد ئەنجام دەدات. جگە لەوە دەکرێت پەیوەندی ڤیدیۆیی پێ دامەزرێنێ و وەك کامێرایەکی چاودێریش سەیر بکرێت..

رۆبۆتە هۆشمەندەکە شاشەکەی ٤,٦ ئینجی هەیە کە تایبەتە بە پەیوەندییە ڤیدیۆیەکان و نیشاندانی زانیاری، کامێرای چاودێری و تیشکی سوور بۆ ناسینی جوڵە لە تاریکیدا و جگە لەوەش حەوت مایکرۆفۆنی تایبەتی هەیە.

سپیکەری ناوبراو سیستەمی ئەندرۆیدی لەسەرە، بەڵام ناتوانێت رکەبەرێکی جیدی بێت بۆ سپیکەری جۆری ئەلکسا و سپیکەرەکەی گوگڵ..




**گشت ئەوانە بە دەنگی بەکارهێنەر ئەنجام دەدرێن، واتە فەرمانەکان بە دەنگ جێبەجێ دەبن. زیاتر لە ٤٠ فەرمانی جێبەجێکردنی تێدایە. جگە لەوەش نیشاندانی خێرایی ئۆتۆمبیلیش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکان..**

**بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەمانەن:**

- **کوژاندنەوەی وای-فای**
- **زانیاری سەبارەت بە کەش و هەوا.**
- **جێبەجێکردنی فەرمانەکانی دەنگی بەبێ دەرچوون لە پرۆگرام.**
- **رێکخستن بۆ کاتی شەو و رۆژ.**
- **خوێندنەوەی پەیامە هاتووەکان بە دەنگێکی بەرز و وەڵامدانەوەیان هەر بەدەنگ.**




## سایتێک بۆ فێربوونی شێوەکاری

سایت گەلێکی زۆر هەن کە تایبەتن بە فێرکاری لە گشت بوارەکانی هونەری و زانستی و تەکنەلۆژی و زمان و زۆر لایەنی دیکە. سایتی drawspace.com تایبەتە بە هونەری شێوەکاری. کەسێك بەناوی (برێندا هودینۆت) بەڕێوەی دەبات. لەم ماڵپەڕەدا زیاتر لە ٥٠٠ پۆلی فێرکاری تێدایە، لە گشت بوارەکانی هونەری نیگارکێشان. جگە لە پۆلەکان شوێنی سیمینار و کۆبوونەوەی تێدایە بەشداربووان دەتوانن پێکەوە قسە بکەن و راکانیان بگۆڕنەوە. پاش ئەوەی ناونووسیت کردە لە سایتەکە فایلەکانی فێرکاری بەشێوەی PDF دەتوانی وەربگری کە هەنگاو بە هەنگاو فێرکاری تێدایە..